مەلەفە دانخراوەکـــــان ... لە ئەرشیفی دەنگەکان ەو

، هەر جارەو بابەتێک لە ئەرشیفی دەنگەکان ەو

ئەمەی لەـــرەدا دووبـــارە بـــاوی دەکەینەوە، کەمەلـــک نووســـین و چاوپێکەوتنە لەگەڵ (مستەفای حەسەنە گەورە) کە لە ساڵی ٢٠١٥ بـاو بوونەتەوە لە دەنگەکان و ڕۆژنامەکانی تردا. ئەو بابەتانە تایبەتە بە کردە تاوان بارەکانی " عەباس بایز باڵـغا" و هەوڵدان بە بگەیاندنی تاوانبار بە دادگـا... ساڵـکـان تێپـەیـن و خـاوەن داواکان وردە وردە ماڵئاوای دەکەن لەژیان و تاوان باران ژیانیان باشتر و بەـــزانە تر هەـــسوکەوتیان لەگـــەڵدا دەکرێت لە سایەی دەســـاتی کوردیدا، ئەو دەســـاتەی کە ڕۆژگارێک بەچاو بەستراوەیی خەمان، ناومان لەنابوون بەرەی شـــشگـــەو بەرەکەی تری لای حکومەتی مەرکەزیمان ناو لەنابو بەکرە گیراو(جاش) بە ئاگا لەوەی بەرەی شاخ و بەرەی شار دوو بەرەی لەککگرەدراوی هاو بەرژەوەندی دژ بەخواستی ەاستەقینەی خەڵکن.

دەنگەکان
٢٠٢٠/٨/٣٠

[بە خوێندنەوەی ئەو مەلەفە کلیکی ئەربکەن ....]



بۆ ئەرسەلان بایز وبایزکانی دیکە ،لەدانی ئەم قەوانە سواوە ئابگرن … گەران هەڵەبجەیی

[گەر بەرامبەر خەباتم پارەم وەربگرتایە،ئیدی لە خەباتگەوە دەبووم بە جاش.] نیلسن ماندێلا
لە مەڕە بە نیازم دەربارەی ئەم دەستەواژەیە بنووسم کە دەڵێت[ئەم دەستکەوتانەی ئێستا بەرهەمی تێکۆشان و خوێنی شەهیدەکانمانە.]
وەڵە هەرگیز دەرفەتم بۆ نەڕەخسا،لە ئێستا ئەرسەلان بایز ناچاری کردم کە چیتر ئەو بابەتە پشتگوێ نەخەم.
ئەم ڕستەیە ،دەستەواژەیە بەردەوام لە لایەن سەرکردە فاشیلەکانی ڕەبازی کوردایەتیبەوە بە جۆرەها شێوە و لەجۆرەها فەرمدا بەکار دەهێنرێت ،کە نوێترینیان لەلایەن ئەرسەلان بایزەوە بوو. هەر کاتێک شەپۆلی تووڕەیی و بێزاری خەڵکی ستەملێکراوی دەستی قارەمانەکانی کوردایەتی دەگاتە ئاستێکی بەرز ،ئیدی ئەم بلیمەتانەی گەندەڵی دەست دەکەن بە گیرفانیانداو ئەم قسە پووچ و بێ ئەرزشانە دەدەن بەووی خەڵکدا.
دوو مەبەست لە ژێر هەزاربارکردنەوەی ئەم قەوانە ژەنگاویەوە خەی حەشارداوە، یەکەم قەرزاربارکردنی خەڵکە بە تێکۆشان و ماندووبوونیان،دووەم بەدەنگکردنی خەڵکیە تا داوای مافەکانیان نەکەن و سوپاسگوزاربن بۆی کەهێیە و بۆ ئاقڵی دانیشن .لە ڕۆگەی ئەم دروشم و وتارە قەبانەوە ،دەیانەوێت ئەو پەیامە بگەیەنن کە دەڵێت[گەر خەباتی ئەمو خوێنی شەهیدان نەبوایە ئەوە ئەم ژیانە خۆش و ئاسودەتان نەدەبوو].
هەوڵەدەم لەڕدا ڕوونیبکەمەوە و بە لەژیک بیسەلمێنم کە ئایا ئەم دەخی ئێستا، بەرهەمی خەبات و خوێنی شەهیدانە یا نا .
لە زەرترین حاڵەتدا و لەکن نەتەوە چەوساوەو ژێردەستەکان، ئامانج لە شۆشی چەکداری گێشتنە بە دونیای سەرفرازی و شکاندنی کۆتی چەوساندنەوە و دەربازبووب لە ژیانی نکولیکردن لە ماف و ئازادی ،و لە پێناو دابینکردنی خۆشگوزەرانی و ئاسودەیی و ژیانێکی پڕ کەرامەتە بە هاوڵاتیان.ئەمەش تەنها لەو حاڵەتەدا دەتە دی کە شەرشێ چەکداریەکە ئامانجی خەی بپێکەت و بگاتە دوا مەنزڵ و شۆشگێان لە لولەی تفەنگکانیانەوە سەرفرازی بەدەست بهێنن ،یاخود بەدیوێکی دیکەدا شۆشگێان نەتەوەی سەردەست ناچاربکەن کە

مل بۆ داخوازیەکانیان بنێت.
لێرەدا بە پێویستی دەزانم چەند نمونەیەکی بەرجەستەکراو لەو شێوە چەکدارییە سەرکەوتووکان بهێنمەوە کە لە ئاکامی خەباتیانەدا دەستاتیان گرتە دەست و گەلانکاری بنەڕەتیان لەسیستەمی حکوم وژیانی خەڵکدا کرد ،لەوانە:

- شێوەی چین بە سەرکردایەتی [ماو]
- شێوەی کوبا بە سەرکردایەتی [کاستر و جی ڤارا]
- شێوەی جەزائیر بە سەرکایەتی[ئەحمەد بن بللە و هواری بۆمیدیان]
- شێوەی ڤێتنام بەسەرکردایەتی [هۆشی منە]
- شێوەی فەلەستینیەکان[تا ئادیەک]

شێوەکانی نیکاراگوا،سلڤادۆر،ئینگلا ،مۆزەمبیق و چەند شێوەکی دیکە.
سەرجەمی ئەم شێوانە لە ئاکامی خەباتێکی درێژخایەن و سەخت و دژوار و بەختکردنی گیانی هەزارەها شەهیدەوە سەقیل هاتنەدی. پاش سەرکەوتن شەهیدان ئەو خەباتیانە بە هاوڕاتیان نەفرۆشتەوە و بەردەوام نەیانداوە بەووپاندا، پێزیان بەسەر خەڵکدا لەنەدەدا، بەکو بە بەدەنگی لە فەرمکی نوێدا درێژیان بە تێکۆشاندا.
گەر پێناسەیەکی کوورت و لەژیک بۆ [شێوەی] چەکداری باشوور بکەین دەبینین ئاکامەکەی بە هیچ جۆرێک لەو شێوانە ناچێت کە ئاماژەم پێداون.
شێوەی باشوور نە ژەمی گەیی، نە خاکی کوردستانی ئازاد کرد و نە دەسڕاتی ناوەندی ناچار کرد تا دان بە هەندیک لە مافەکانماندا بنێت.
بە پێچەوانەوە ئاکامی شێوەی کورد بە خودی کورد ، بریتی بوو لە کەمبوونەک کارەسات و تراژیدیای خوناوی ،کە هەرگیز لە یادەوەرماندا ون نابن.

- لەدەستدانی ئەو کەم دەڤەرەی کە بەدەست پێشمەرگەوە بوون.
- ئاشبەتاڵکی دیکەی هەزی چەکداری
- وێرانبوونی سەرجەم گوندەکانی کوردستان،لەگەڵ چەندین شارو شارۆچکە.
- لە نێوچوونی نزیکەی ٢٠٠ هەزار هاوڕاتی لە پرسەی ئەنفالی بەدناودا
- گیان لەدەستدانی ٥٠٠ خەڵکی هەڵەبجە لە ئاکامی کیمیا باراندا

- کووشتنی ٨٠٠٠ بارزانی
- لەسێدارەدانی هەزارەها گەنجی کورد لە زیندانەکانی بەعسدا
- تەعریبکردنی زۆرێک لە باژێڕ و گوندە کوردیەکان
- گەیاندنی زیانێکی گەورە بە ژینگەی کوردستان

جا گەر ئەم خاڵانە بخەینە بەرچاو وە لەگەڵ ماناکانی شەشدا بەراوردیان بکەین ،دەبینین کە ئەوەی لەمڕۆ خەمان شەش نەبووە ، بەڵکو بزافێکی چەکداری کارەسات هەنار بووە.

بەیە پەزلەدانی سەران و سیاسیەکانی کورد بۆ شەشەوە هەرگیز لەشوێن خۆیدا نیە و هەرگیز جێگەی شانازیش نیە.

ئاستە ئەوە چەند ساڵێک لەتەمەنی خۆتان لە شاخ بەسەربرد لەگەڵیدا ناخۆشی و چەرمەسەری و نەهامەتیتان دی ، بەڵام بەختەتانتان کرد نێک بە گەل، بەوەی ئێستا خۆتان سوێتانانە دەژین و گەلیش وەک کەیلە.

ئاستە کە ژمارەیەکی زۆر گەنجی نیشتمانەکەم لە پێناوی پەیامێکی پیرۆزدا لەشاخ و لە ژێر پەتی سێدارەدا گیانیان بەخشی، بەڵام بەداخەوە خوێنیان بە فیڕۆچوو، بەوەی ئەوە ناوی ئەوانتان کردە بەردەباز بە پتر دەوڵەمەندبوون و خانەوادەکانیشیان پشتگوێ خراون و لەدۆخێکی دەروونی خراپدا دەژین ،کە کەس ئیرەییان پێنابات. ئەمە جگە لەو سوکایتیەی ئەوە بەو شەهیدانەتان کردوە،ئەویش بە ئامێتەکردنی ناوی کەمێک سەرێک جاش و موستەشار و خۆفرۆشی مردوو یا کوژراو ،لەگەڵ ناوی پیرۆزی شەهیداندا .

لەیادمان نەچێت دوای ئینفال جگە لەمانەوەی چەند مەفرزەیەکی سەربڕخۆ و سەرکەش لە دەڤەرە سنووریەکاندا ، هەزی پێشمەرگە وەک هەزێکی چەکداری خاوەن سەرکردایەتی کۆتایی هاتبوو ،دووچاری شکستی و ئاشبەتاڵ بوو،زەربەی هەرەزەری پێشمەرگەو بەرپرسەکانیان نیشتەجێی کەمپەکانی ئێران بوون یا لە هەوەداندا بوون بە گەشتن بە ئەوروپا ،یا خۆیان تەسلیم بە ژەمی بەعس کرد. بەکورتی و کوردی شتێک لە ئاڵادا نەمابوو بەنەوی شەش و پێشمەرگە. جا ئەوەی پەوپاگەندەی ئەوە بکات کە ئەم دۆخەی ئێستا بەرهەمی خەباتی ئەوانە ،ئەوە دوورە لە ڕاستیەوە و شانازی کردنیش پێیەوە لە جێگەی خۆیدا نیە.

ئەوەی کە هەیە و ئەوە بەدەسکەوتی خەتانی دەزانن تەنها ئەنجامی [حەماقتی]سەدام حسین بوو کە لە ئاکامی داگیرکردنی کوێتدا دۆخێکی نوێ لە باژەڕەکانی ئێراق و کوردستاندا هاتە ئاراوە ، کە ڕاپەڕینی لە پەیدابوو ،وە خۆکی ڕاپەڕیوی شەشگەڵ داومووەزگاکانی بەعسیان

ەامایی. پاشان هەڤاڵانی [شەشگۆشە] لە ئەرانوێ هاتن بەمدیوداو سواری شەپۆلەکە بوون و خۆیان کرد بە خاوێنی ئاپۆیین و لەو گۆشەوە دەستاتیان بە خۆیان قەرخ کرد،کە تاڕادەیەکی ئەم بەردەوامە .
گەر حەماقەتی سەدام نەبوایە کە ئەوەی گەیاندە دەستات لەوانەبوو تا ئێستاش لە کەمپەکانی ئێراندا سەرتان بە ئازووقە بگرتایە.
جاگەر شتێکی نوێتان پێنیە بیبەخش بە خۆک،گەر ناتوانن زیانێکی ئاسودەو پێ کەرامەت بە خۆکی بەشمەینەت دابین بکەن ،کەواتە وازبهێنن لە فرێشتنەوەی شەشی شکستخواردوو بە خۆک ،بەس لەدانی قەوانی کەن ،چونکە بووەتە مایەی بێزاری و چیتر کەس گوێی لێناگرێت.خۆک دەیەوێت گوێ لە ئاوازێک بگرێت کە ئاسودەیی و ئارامی بە بەهێنێت نەک بێزاری بکات.

مـــاف یـــان ئـــەرك! ... ســـروە ساڵـــیی

ژنـــان لەکەمەڵگەی ئەمە تا ڕادەیەك کەمتر ئاشنان بە و چەمك و دەستەواژانەی کە ڕەژانە لە بەرژەوەندیان یا دژیان دەگوزەڕ ،یا ئەوەتا خۆیان لە قەڕەی نادەن ئەوەش پەیوەستە بە ژینگە وچەند وچەنیەکانی باری خۆزان لەسەرکەوە ، و هەڕچونی هەست وسۆزیان لەسەرکەکەی دیکەوە، کە زەر زوو ئاوێتەی کردارە مرۆڤدۆستیەکان دەبن و زووتر پەرچەکردارییان بە کردارە نەرێنیەکان و لەیاد چوونەوەی ئەو توندو تیژی ویاخود زبری وشانە دەبێت کە ئاراستەیان دەکرێ و گەلەکجار وشانەکی بەهێز لە ناخیان بەجێدەهێڵێت بەڵام وبە ڕوحێکی وەرزشی وەریدەگرن وبە میهرەبانی دەڕوانە ئەو دەڤەڕەی کە دەیانبەستێتەوە بە کەسە نزیکەکانیانەوە و بە چاوپۆشینە لەسەر هەڵسوکەوتی دەڤەرەکە بە ئەوان ،ئاستی هۆشیاری و باری دەروونی تا ڕادەیەك کاردەکاتە سەر هەڵسوکەوت وژیانکردنیان کە زەرکات ترس ودڵەڕاوکە لە کاردانەوەی دەوروبەر دەبنە هۆکار بۆ لەناوبردنی پلان وداهاتوویان بگرێ خۆیان ئەوەش ڕەژیمێ لەنێو خانمان لە خانەوادەیەك بە خانەوادەیەکی دی جیاوازە بەهەرحاڵ گەر ئاستی

ڕۆشنفکری کۆمەڵگە بەرز یا مامناوەندی بیت بە دڵنیاییەوە بارێك بە خانمان بەخسێت ،ژنانی زۆر بەهێزو پڕ متمانە بەخود بوو لە دەردەکەون زۆر کاریگەر بەجێدەهێن لەسەر ئاستی کۆمەڵگە.
ماف چەمك یا دەستەواژەیەکی زۆر فراوانە دەکرێ لە ڕووی مرۆڤبوونەوە بۆ لە ڕێگەز لەسەری بدوێین کە کەکراوی هەموو بنەما ستانداردکانی جیهانی و مافە بۆردەست ونا بۆردەستکانن لە ژیانی ڕۆژانە کە دەگوزەرێ وەك (خوێندن ، باری ئاسایش ،تەندروستی)هەرتاکەك بە جیاوازی ڕەگەز وچینایەتی بۆیەککەوتنی هەبێت وبۆرجەستەیان بکات ئەوەش بۆتاکە کەسەك نابێت پێویستی بە چەندەها ئاوەژکاری پێوەردەیی ودەروونناسانە کە بەداخەوە دەتوانم بڵێم ئەو جومگەیە لای ئەمە بەواتای بوارکانی پێوەردە وخەزان تەواو پوکاوەیە ،زیاتر کار لە تێپەڕاندن وبەڕێکردنی کاری ڕۆژانە دەکرێ لەبری بارێ دەروونیکانی تاك لەهەموو جومگەکانی کارگوزاری.
بۆیە بەڕێچاوکردن وپێویست زانینی دروست کردنی کۆمەڵگە وتاك بەتایبەت ژنان وکچان دەبێت هەر لە قۆناغەکانی منداڵی وبگرێ بۆر لە دامەزراندنمان لە قوتابخانە وەك وەاتانی پێشکەوتوو لە ڕۆژانی باخچەی ساوایان ئاشنا بکرێین بە ماڤەکانمان
لەڕێگای کورتە فیلمی ڕێنگاوێنگ ،یا کتێب یا هەڵواسین و تابلۆی هەڵچڕشن لە ژوور وەڕۆوەکانی باخچە .
هەر لە سەرەتاوە وەك کۆمەڵگەیەکی هێشیار وزرنگ ئاماژە بە کردارێ نادروست ونەرێنی وبەرامبەر ئەوەش بە کردارێ ئەرێنیەکان بکرێت، وپێیان بناسێنین..لەسەرخۆ بە ئەوەی ماندوو بکرێن وپێستانی دەروونی بخەینە سەر منداڵەکە لە قۆناغەکانی منداڵی دوور بخرێنەوە ودابڕێنرێن لە ئەو جیهانەیان .
ئەمە زۆر کات هەر لە منداڵیەوە دەبینێ هەکار بە لەباربردنی خەونەکانی تاك بەتایبەت ژنان وکچانمان
کە هێندێ بە گوێچکەکانیان دەچرپێنین تە جوانی نیو هێندێ ناڕێن تە مرۆڤکی ودەتوانی !
بۆیە بە جیاوازکردنی کچانمان لە کوڕان کەوا سیمبولی جوانی بە ئەمەومانان و ئازایەتی بە برایانمان شکێتمان دەکا کە کەم لە ژنان وکچان درکی پێدەکەن ویاخی دەبن لەو کەمایەتی پێکردنەی کە هەمیشە وەك بوکێڕێك لەماندەوانن وپێوەردە وبەئاگامان ناهێنن بە هەگرتنی باری ڕۆژانی قورس کە ئەوە هەر ڕووداوات وکەم کەسیش دەتوانن شانی بە بدەنە وئەو ڕۆژانە تێپەڕێنن
هیچ کۆمەڵگەیەك لەیەکەا دروست نەبووە ودروست نابێت ،ئەوە کاری دەروونناسان وپێوەردە ودەوڵەتە بە هەماهەنگی خانەوادە وخەزان .
کچان یاخود ژنان نابێت نە لە خوێندن ونە لە تەندروستی و

پەروەردەی دەروونی پشتگوێبخرێن چونکە ئەوان کە دایکی داهاتوون بە هۆشیاریان دەتوانن کۆمەڵگە وخێزانکی تێن دروست بنیات بنێن.
ئەوەش کارکی تەواو وکەشفی دەوێت بە هێند وەرنەگرتنیان دەبێتە هۆکار بۆ لێق بوونی بنەماێك لە بنەماکانی دروستبوونی ژیرخانی پەروەردەیی لە هەموو سەکتەر وجومگەکانی کۆمەڵگەی باوەڕبخۆ وپشکۆتوو
ژنان نەك هەر بۆشنفکربونیان خێزانکی چاڵاك و کارامە وبەپەوە وستاو دروست دەکەن بگرە دەتوانن داهێنەر و بنیاتنەر و ببنە پێنوسکی بوێر جوان بۆ وقاچێی نەهامەتی و کردە نادروستەکان کە وەك پێوێك یا هەورکی ڕەش ئاسێی نیشتمان وبوونمان لە ئازادی وبیروباوەڕ دەربڕین هەموو کوچکانی کارگوزاریکان دەتێنە،
ئاخر کارگەڵەك تەواو پێویستیان بە جە پێنجێی خانمان هەیە ئەوەش کە تەواوکاری کۆمەڵگەیە کە وەك دەڵێن (مەل بۆ باڵەك نافڕێت) لە خزمەت و دروستکردن وبەرگری لە نیشتمان .لەناخەوە دەبێت دەستی یەکتر بگرین بەرەو فەین لەئاسێی زانست وئایدەلۆژیا جوانکان وسێنسەری خەمان بین بەرلە دەوروبەر بەیە ئاشنا بوونمان بە مافکان وجیاوازکردنیان لە ئەرك دید وهزرمان ڕوونتر دەکەنەوە لەوێی لە سنوری مرۆڤبوون دەرنەچین و پشلی مافی کەسانی دەوروبەرمان نەکەین ، هەمیشە خەمانیش کزومەلول دەستمان لەژێر چەنە دانەنیشین بۆ ئەوێی دەوکێی ناو فانەسەکە ئاوات وپێویستیکانمان بهێنێدی
قبوڵیش نەکەین هەردەم وەك کەرستەیەك ناومان بەکاربهێنرێین بۆ ئەوێی کات بەخەمان بدەین بۆ خوێندنەوە ودەرچوون وبگرە لەگەڵ خودی خەمان بدوێین وقاوێیکی ناوەخت یا بۆ وەخت لەدوای ماندووبون بخەینەوە
یا هەستکی جوان دەربڕین کە ببێتە هۆکار بۆ بوژانەوێی خەندەیەك بۆ کەسانی بەرامبەرمان کە گەڵکجار بۆ بەخشین وخەندە ویارمەتیدانی دەوروبەرمان هەتا پێویستیشی نەبێت با دەستپێشخەر بین لە چاکەکاری وخزمەت بەرلەووتن وداواکردنی بەبەرزاگرتنی شکێی مرۆڤایەتی نمونەیکی پێ بوێری وباوەبەخودی خەمان وەگەڕ ونەتەوەکەمان بین.
ویژدان وناخمان ئاسودە و ئارام بن کە بوژانەوێی ڕوخسار پێویستە بە ڕوونی وبوژاندنەوێی ناخ ،کە هاوکات بنیات وەسکاو بەرەو ئامانجە جوانکانمان هەنگاو دەنێن و دەگشنەوە ،دەبنە هۆکار وپشتێنگ بۆ گەیاندنی هەستە نەرنیە پێ بەهاکان بۆ کۆمەڵگەکەمان .
ئیدی خاڵە لاوازکان تەواو دەستنەوە لەناخمانەوە و ئەرکەکانی ئەستەمان بەرلەوێی ئاراستەمان بکرێیت بیزانین وپێیان هەڵدەستین

وەست بەماندووبونیش ناکەین لە قسەوقسەڵکی کەسە لاوازەکان کە دەتوانین وەك هەر تاکەکی کەمەڵگە کار وگوزەران وژیانمان بەهەند بزانین وبەهای کات لەژیانمان وەك هەرئەرکەك ڕەچاوبکەین ،تەمەن بە شتە کاو وکرچەکانەوە بەهەدەر ندەین .
بەڵای من ژنان پێشەنگ وەڵنیشاندەری هەڵسوڕاندن وبەڕێوەبردنی کارەقورس و مەحاڵەکانن .
ژنان چونکە دایکن وبگرە دایکیش نەبن بەڵام هەست وسۆزەکی میهرەبانیان هەیە دەتوانن پەنجەی بۆزەیی وتەواوکاری زەر لایەنەکانی ژیان ڕاژانە جە بجە بکەن دوور لە پێشڵکاری وکەمتەرخەمی ،ناڕەن لە سەدا سەد بەڵام ڕاژەیەکی تا ئاستەکی بەرز یا سەروومامناوەند دەکرە وابن .
بەیە گەر وەك کەمەڵگەیەکی مەدارن وپێشکەوتوو بپێشین وبخەین وبژیین دەبەت ئەوانەی لە ئەستەمانن پێیان هەڵسین ودرەغی نەکەین ،سە نەکەین لە ڕووداوە لابەڵاکانی ڕاژگار بە سەرکەسپەکان زاڵبین .بپرسین گەر نەمانزانی شەرم نیە بەڵکو مرۆڤ بە زانست ولەکەڵینەوە جوان وپە شکە وبەها دەبیت ،دوور لە بەزارکردن ومانەدووکردنی کەسانی دەوروبەرمان.
ژنان دەبیت ئاستی ڕاشنبیری وپەوروەردە ومافیان بەرز بکرەتەوەو وئەرکەکانیان بەئارامی پە بناسرەت.

سروە سالەیی

ژن و دەسەڵات … ن: ڕەنگین سان

وەاتی ئاسایش و خەش گوزەرانی ولاتەکی بە کەم و کوری کە ژن دەیبات بەڕێوە. وەاتەك هەیە پەی دەڵێ (ووەاتی ژنان) ئەویش وەاتی نەرویچە .
لەووەاتی نەرویجدا ژن سەلارە ، ژن هەزە ، ژن یاسایە ، ژن سەرکە ، ژن سکتەری پارتکانە ، ژن مەلایە (قەشە) ، ژن بەڕێوبەرە ، ژن کارمەندە ، ژن مامەستایە ، ژن دکتەرە ، ژن کرکارە ، ژن شۆفەرە .
لە سەرو هەموویشیەوە وەك دەڵێن: بەهەشت لە ژێر پێی ژنانایە چونکە (دایکە).
لە ووەاتی ژناندا ، پیاوان مافی خۆیان هەیەو توشی تووندو تیژی و

سوکایەتی ڕەحی و جێستەیی نابنەوە و ، پیاو خەی ناسوتێنێت و پیاو ناکوژرێت و پیاو ناخنکێت.
لە وولاتی ژناندا نا یەکسانی و نا دادپەروەری لە نێوان کوران و کچاندا بە هیچ جۆرێك بوونی نیە واتە : جیاوازی نێوان کوە و کچ نیە لە ناو خێزاندا .
لە ووڵاتی ژناندا ، دەوڵەت بەر پرسە لە یەکخستنی ژیان . واتە دەوڵەت باوك و دایکی میللەتە .
لە ووڵاتی ژنانـدا ، لە ژێر پەردەی یاسادا بازرگانی بە لەشی کچانەوە ناکرێت ، چونکە پرسەی هاوسەرگیری لەسەر بنەمای مامەڵەگەری و چاوچنۆکی خێزانەکان دانامەزرێت واتە (مارەیی و شیربایی ، لە جێ ی خوێن تاوانەکان داپۆشن) بە هیچ شێوەیەك نییە .
لە ووڵاتی ژناندا ، ووشەیەك بە ناوی (شەرەف) بوونی نیە و چونکە کەس بیر لە نەوەانی ژنان ناکاتەوە ، چونکە پیاوان ناوگۆ پەرست نین ، ژن کوشتن بوونی نیە یان زۆر دەگمەنە ، گەر هەبێتیش لە نەو خێزانە تۆژهلاتیەکاندا ڕووداوە .
لە ووڵاتی ژناندا ، منداڵ ناچەوستەوە ، منداڵ کار ناکات ، بەڵکو مافی ئەوەی هەیە تا تەمەنیکی دیاری کراو بشێ دەرامەت خەی لە دەوڵەت وەك موچەیەك وەردەگرێت .
لە ووڵاتی ژنانـدا ، لەشفرۆشی قەدەغەیە و تەنها لە شوێنگەیەکی یاسایینەوە نەبێت بـوونی نیە ، ئەگەر نا هەرکەس بە فرۆشیار و کریارەوە بگیرێت غەرامە دەکرێت و زیندانی دەکرێت .
لە ووڵات ژنناندا ، مافی مرۆڤ هەیە ، هەر کەشێکت هەبێت دادگا بە شێوەگەی یاسا پشتگیریت دەکات و مافت وەردەگرێتەوە (واتە : دەوڵەت کەشکان چارە دەکات نەك عەشایر و هەزی پارە)
لە ڕووی بارو دەخی زیندانەکانی نەرویج بە یەکەم وولاتی جیهان دادەنرێت بە باشی خزمەتگوزاری زیندانیەکان .
لە ووڵاتی ژناندا ، حوکمی لە سەدارەدان بوونی نیە و لە هەموو مۆژووی دەوڵەتی نەرویجدا تەنها جەنراڵێکی نەرویجی گوولەباران کرا ئەویش لەسەر تاوانی خیانەت بوو کە یارمەتی ئەڵمانیەکانی دابوو لە شەری جیهانی دووەمدا.
نەرویج لە ژێر سایەی ژناندا بە باشترین ووڵاتی جیهان دادەنرێت لە ئاسایش و بژێوی ژیاندا . بە پێی ئامارەکان هەموو ساڵێك لەیزی بەندی یەکەمەکانێ .
نەرویج ، ووڵاتێکی شانشینیە و پەیڕەوی سیستەمێکی مەلەکی دەستوری دیموکراسی پەرلەمانیی دەکات .
ڕووبەری ئەم ووڵاتە ٣٨٥١٨٦ کـــم٢، ژمارەی دانیشتووانیشی ئەمسا

گەیشتە ٥ ملیـــــۆن کەس .
ئەم خانەی خوارەوە شایەتی ئەو ڕاستیەن .
1• لە دوای دووەم جەنگی جیهانیەوە گەشەیکی ئابووری خێرا بە خۆوە دەبینت بە تایبەتی دوای حەفتاکان کە نەوت و گازی سروشتی لە دەریاکانی باکوری ئەرویجدا دۆزرایەوە .

2. ئێستا سێهەم وڵاتی دەوڵەمەندی جیهانە لە ڕووی بەهای دراوەوە.
3. تێکڕای داهاتی تاکی ئەرویجی بە پلەی چوارەم دێت لە سەر ئاستی جیهان.
4. پێنجەم وڵاتی جیهانە بە هەناردەکردنی نەوت.
5. کرێنی ئەرویجی بە یەکێك لە دراوە هەرە جێگیرەکانی دونیا دادەنرێت، بە تایبەت ئەمە لە ماوەی قەیرانی دارایی جیهانیدا لە ساڵی٢٠١٠ / ٢٠٠٧ بە ڕوونی دەرکەوت.
6. سەرباری نەوت و گاز ، ئەرویج دەوڵەمەندە بە چەندین سەرچاوەی سروشتی تر وەك : ووزەی هایدرۆپاوەر، دارستان، کانزا و خراکی دەریایی.
7. لە بواری پیشەسازیدا دروستکردنی کەشتی ، کانزاکردن، کیمیاوی و بەروبومی کاغەز لە سەرچاوەی دار و درەختی.
8. سیستەمی چاودێری تەندروستی و پشتیوانی سیستەمی خوێندنی باڵا هەروەها سیستەمێکی گشتگیری جاودێری کۆمەایەتی ، لە سەر ئاستی جیهان بە وێنەیە .
9. لە ساڵی ٢٠٠٧- ٢٠٠١ وجارێکی تر لە ٢٠٠٩ بە یەکەم وڵاتی جیهان دانرا بە ژیان و گەشەی مرۆیی .
10. لە ساڵی ٢٠١١ دا بە دیموکراسیترین وڵاتی جیهان هەژمار کرا .
11. تا ئێستاش ئەرویج یەکێکە لە گەورەترین پارە بەخشی نەتەوە یەکگرتووەکان بە وڵاتە هەژارەکان .

لە سەروی هەر هەموو ئەمانەشەوە کە زۆر گرنگە ئەوەیە ووڵاتی ئەرویج لە ساڵی حەفتاکانەوە تا ئێستا پارەی نەوتی لە هیچ پرۆژەیەك و هیچ خزمەگوزاریەك و هیچ مووچەیەك بەکار نەهێناوە و هەمووی لە بانکێکی تایبەتی دەوڵەت کە کردەتەوە ، بەو پارەیە دەتوانێت دوای نەمانی نەوت 200 ساڵ وڵاتەکەی بژێنێ !!!

تا ئێستا بژێوی دانیشتوان و خزمەگوزاری وڵاتەکەی لەسەر دەرامەتی باج بووە .

ڕۆژی باجی ئیش کردن لە سەرك وەزیرانەوە تا خانەنشینەك لە

36% ەو تەنها بە پێی کەم و زۆری ئیش کردن دەگەڕێت .
کەواتە هاوڕیان
ئەو جیهانەی ژن دەیەوێت جیهانێکی بە دژایەتی و بە ناکۆکی و بە چینایەتیە و دوورە لە هەموو چەوساندنەوەیەکی مرۆڤایەتی.
باشتیرین میللەت ئەوەیە کە زۆرترین ئازادی بە ژنان دەدات ، کەم و کوری لە مافەکانی ژنان دەبێتە هۆی هەڕەس هێنانی هەر جۆرەکی کەمایەتی و کێلایەتی .
گەر بڕاوردێکی ووردبکەین لەنێوان دەسەڵات و حوکمانی ووڵاتە پیاوسالاریەکان بە هەرەمی کوردستانیشەوە لەگەڵ ووڵاتی نرویج کە ژن بەرپرسی دەبات بگومان هەموو پێچەوانەکانی ژیان و گوزەرانی خەڵکی شایەتی ئەوە دەدەن کە ژن نەك نیوەی کەمە نیە بەڵکو شانبەشانی پیاوان هێزوتوانای کارگەی و ووڵات بەرەوە بردنیان هەیە .
نگین سان

گرانی هەمیشەیی ... جەلال عەبدوڵا ساڵح

گرتش نەبیت
دوانیوەڕۆ
باوەشم بە دگرتەوە.
بەجەم بەیت
عەسر دەمخاتە
جەلانی خەیاڵییەوە.
لەلام نەبیت
ئەوارە دەت
بە پرچی زەردی زەردەپەڕ
دامدە پشەت
لەم نەپرسیت
کچی شەو دەت
هەتاکو ئەژ دەبەتەوە

لە باوەشیا دەملاوەنەت
نوقمی ماچم پەدە بەخشەت
...
ملیارە جار
دەرگام داخست
پەنجەرەی وشەم پەودا
کەچی هەر دەیت
وەک باهندەی دەم کزەبا
دەنوک لە سنگی ئاسمانی
هەستم ئەدەیت
وەکو هەورەک
بیر لە دەریا بکاتەوە
بە بارانداا
ماچی ئاوم بە دەنگریت
...
کە دەزانیت
بەمن ناژیت
وەرە و لەلام بمەنەوە
وەک ئەستێرە بجریوێنە
وەکو کاژە بملاوێنە
وەک نوری خەر بمسوتێنە
ئەی گلێنە و
خوێن و دەم
ئەی پەپولەی سیحری ژیان
ئەی شیعری جوان
ئەی گەرانی
هەمیشەیی
گەنجی و
پیریم
...
جەلال عەبدوڵا ساڵح
تەرەنتە

نەتەوەیەک بە دوا بەرگدووڕک دادگڕی ! ... نوسینی/ نژاد محمد ڕسوڵ

سەفەری کوردان لە گەران بەدوای ئاڵتەرناتیفێکدا بۆ ڕزگاربوونیان لە دۆخی ژیانی گشتی نەتەوەی زێر سەخت بووە ڕاڵە زەر وەستگی ژیانی کۆمەاڵیەتی و سیاسی و ئابووری و کاڵتووری خۆیدا وازی لەنەمری نەوکانی هێناوە بۆ ئاوەی حورمەت و شکۆ بۆ کۆمەاڵگای بگڕەنەتەوە.
لە ئەدەبیاتی جیهانیدا نووسەری ئینگلیزی توماس کارلایل لەنووسینەکیدا بەناوی (بەرگدرووی جلدراو) ئەمی کردوە بەناونیشانی ژیاننامەیەک کەبەشەوی گلتجاریی و تەنزەوە نووسراوە ر بابەتە سەرکیەکەی ئاوە دەبەت کە مامستایەک هەیە تیەرکی هەیە دەربارەی (فاڵسەفەی پشین و جل و بەرگ) دواتریش لەسالی ١٨٣٦ وەک کتێب چاپکراوەرئەم تیەرەی باس لاوەدەکات کە کۆمەاڵگە جلەکی دراوی لەبەردایە و لەم دۆخە دراوەی جل و بەرگدا ژیان دەگوزەرێنەت و پشویستی بە پینەکردن هەیە ! بەیە بەدوای پینەکەرەکی شارزاو و ووریا و ژیردا دەگەرێن.
بەاڵم کەشە سەرکیەکە ئاوەیە ئەم بەرگدرووەی خاوەن کۆمەاڵگایەکی جل دراوە و دەبەتە خاوەن نوخبەی سیاسی و ئابووری و ئاخاقی و ڕاڵەکی تەواوی لەسەر هەموو جومگەکانی ژیانی کۆمەاڵگا هەیەرلەکاتەکدا لەم تیەردا خودی (بەرگدرووەکە)جلەکانی پشویستی بە پینەکردن هەیە و جلی دراوی لەبەردایە ربەیە کاڵتووری گەرانی ئەمە بەدوای کەسە شیاوەکان و فریاد ڕەسکان لە فاڵسەفەی توماس کارلایل کورت دەبەتەوە و درژبوونەوەیەکی مژووی و دیرەکەکی مزنی دەبەت لەگەران بەدوایدا.
سەرەنجام کۆمەاڵک کایەی پشەویی لە پیوەندی باەدەست و ژەردەست دروست دەبەت تا ئاستی تەکشکاندن و شپرزەی و ملمانێیەکی ناعەقانی دەکا ر تائەندازەی بەدەسەاتی و چاندنی هەستەکی قوول و پتر بوون لە بە قوارێیی و بە سەبەری !
بەیە ئەم ئاوەنە گوڕەیەی کە سیاسیەکان ئایانەوەت تەنها وەنەی خۆیانی تەدا ببینەوە و هیچ وەنێیەکی دی نا ئاوا وەک ئاو پەندە میللیە وایە کەدەڵەت(ماڵی دارتاش بە دەرگایە) .

پارتی و یەکێتی” تا 2030” دەسەڵاتی هەڵهایان دەبەت!؟ … فڕێدون کونجرینی

هەندێك جاران گوتداری ئاوەبووین” گوتەیەك هەیە” دەڵێن ئەم قسەم هەڵگرە وەك ئەقڵیەك بیگرە گوت!؟

بەپێی یاسا” بەهەڵبژاردنەکانی کابینەی 10و دامەزراندنی” لە کۆتایی ساڵی 2024 خەی هەڵکەدەخات و دەبەت دەسبەکاربەت، بەڵام سروشتی ئەم دوو حزبە وابوو بەهەر هەکارێکبەت جێند مانگێك هەڵبژاردنەکانیان دواخستوە” واتە هەڵبژاردن بە کابینەی 10 دەکاوەتە کۆتایی ساڵی 2025 ” لەو نەوەندشدا بە دیاری کردنی هەڵبژاردن جێند مانگێك بەڵێ دەکەن و هەمان دەموچاو تا ساڵی 2031 بە هەمان سیستەمی 2020 حوکم دەکەن.

پێش کۆتایی خولی هەرکابینەیێك وادەی هەڵبژاردنەکان دیاری کراوو لەکاتی خەیدا نەبوە” هەرهەڵبژاردنکیش ئەنجام درابەت چەندیین مانگی ویستوە تا کابینەکەی ێیکخراوە، بەنمونە کابینەی نە” سەرکایەتیەکەی هەرەم لە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیدا بوبە ” تەنها بە چوارساڵ نەبووە، بەڵکو لە دوای تەواوبونی چوارساڵی یەکەمی هەمان ئەندامی یەکێکیان خەی کاندید کردتەوە” واتە کەسی هەر سەرکایەتیەك هەشت ساڵ لە پستەکێدا دەمێنتەوە. هەروەك چەن لە ئستادا هەرسێ سەرکایەتیەکە لای ئەدو بنەماڵەیە”کابینەی 10 بەهەمان ئقاری کابینەی نەدا تەدەپە و هی پارتی یەکێتی دەبەت.

هەروەك چەن هاوەاتیان بەوایان بە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی نیە، پارتی و یەکێتیش بەوایان بە خەپشاندان و دەنگی نا ازی و ەخنەو نوسین نیەو گوە بە هیچ کەس نادەن” ئەمەیش هەکاری ناەکخراوەیی خەپشاندانەکان” ئەوانەی دەچنە خەپشاندانەوە بەبینینی “کەبەو هاواری دەنگی سەگەك” بەاوە دەکەن و دوردەکەونەوە ئەمەیش مابوری ئەوانەن نەک بە خەپشاندان بەڵکو بە خەدرخستن خەجگکردنەوە لە ەگەی نازناوەك و دواییش خەیان بە لایەنەک دەبەخشن، هەمو جوەیەکی

شەقامیان کپ کردوە، خەپشاندانی مامۆستایان بەنمونە. لاوازی ئەم چالاکیانە زەقن" بەباکی خۆکە لەپاش ئەوەی چەندین ڕۆژنامەنوس کرانە ئامانج و تیرۆرکران یان خەپشاندانەکانی 17ی شوبات و ڕۆژانی دوایی" کە65 ڕۆژ ڕاستەوخۆ لە ڕۆگەی مەدیاو ڕۆژنامەو ڕادیۆو تەلەڤزیۆنەکانی تەواوی مللەفی پارتی ویەکێتیان ئاشکراکرد بەخۆشیو سرودو هەڵپەڕاوە لەگەڵ ئەوەیشدا دەیانکەس کوژران" وەڵامی داواکاریەکانیان نەدرایەوە" لەپرسینەویان لە بکوژەکان نەکرد و خەزانی قوربانیەکانیش لە جاوەڕوانداەبن تا ڕۆژی دیاری نەکراو!؟

لە دوای دامەزراندن و دروستبونی بزوتنەوەی گۆران و خستنەووی ڕاستیەکان" پارتی و یەکێتی نیانهەشتوە ئایدەلۆژیای گۆران بەڕۆژی ئەو پلاتفۆرمە ڕەخنەیی لە بەرنامەی هیچ حزبێکدا نەهاتوە گۆشە بکات" یەکەك لە نمونەکان لە هەڵبژاردنی ساڵی 2009دا پارتی و یەکێتی بە لیستێک هاتن و نیانهەشت گۆران ببێتە یەکمی هەڵبژاردنەکان" لە دوای ئەوەش بەردەوام بونەتە بەربەست بە تەواوی پڕۆژەکانیان و کابینەی هەشت کەسپەکی تربوو" و لەماوەی 11 ساڵی بونی بزوتنەوەی گۆران و تا ئێستا هیچ کام لە پڕۆژەکانی گۆران نەخراوەتە جێبەجێکردن و بیاسایی نەکراوە لەکاتێکدا تەواوی پڕۆژەکان لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدایە و زیان دەگەیەنێت بە دەسەاتی پارتی و یەکێتی " دنیاشبن تا 2031 هەر ڕەخراوو حزبێک دروستبێت ناتوانن پارتی و یەکێتی بگۆن" یان چاک بکەن" ئەگەر کودەتا یان ڕاپەڕینێك ئەنجام نەدەن وەک ئەستایان دەمێنەوە" وەک لەردا ئاماژەم پێداوە.

بە دەبێت ئەم بیرکردنەوەم هەبێت؟ ئەگەر ڕاپەڕینی ساڵی 1991 هاوڕاتی بیکردایە" ماوەی 29 ساڵ حوکمڕانی خراپی پارتی و یەکێتیان پێ قبوڵ نەدەکراو ڕاپەڕینێکی تریان ئەنجام دەدا، هاتنەوەی ئەم دوو بنەماڵە لە ئەران بەختەکبوو هات و بیان لوا " ئەویش ڕۆژمی بەعس سەرقاڵ بوو بە کوێتەوەو هەزی باکوری ناردبوو بە باشوری ئەراق و هەزی بەرگری لە ناوچەکە لاوازبوو" ئەمانیش هاتنە سەر حازریی، ئەگەر ئەو نەبوایە بەهەموو تەمەنی خۆک و حزبی باشور ڕاپەڕینیان بە نەدەکرا ئەویش ئاشکرایەو لە ئێستادا پەدەزاندرێ، ئەگەر وانیە بە ڕاناپەڕن؟ پاش ئەوەی ڕۆژمی بەعس زەرەك لە سەربازەکانی نارد بە خواروی ئەراق و کوێتی داگیرکرد، کوردەکان پێامیان بە یەکتری ناردوو بەوایان بەخێیان هێناو بەڕێی نیشتیمانی کرایە ئامرازو بەکارهێنەری هەڵەکە" واڕوکرا دنیاشبوون لەوەی سەرکەوتودەبن و پێویست بوو ناکات شۆکە بە پشمەرگە

بکەن" لە ڕادیۆکانیانەوە بانگەوازیان بۆکردووە" بەمەبەستی وەرگرتنی ئەمن و ئیسغبارات و ئەو هەڵە کەمەی هەبوو لە باشوری کوردستان ڕوخان و وەرگی خەڵکیان بەرزکردووەو بەهۆراو هووی هاوکاتی ڕژێمی بەعس شکستی هێناو لە ناوچە کوردیەکان کشایەوە.

هاوکاتیانی باشوری کوردستان ئارامیی و دان بەخۆداگرتنیان پێوە دیارەو لەچاوەڕوانی ئەوەدان پارتی و یەکێتی خۆیان چاك بکەن" کەن ئەوانەی پشتیپشتی ئەم پڕۆژەن لە چاکردن و گەڕانکاری" گەر بشمێنەوە" لە هەر ساڵ و زەمەنێکدا کوردستان ئازادبێت و سەربەخۆبین پارتی و یەکێتی باجی هەموو ئەو داگیرکارییانەی کردوویانە دەبێت بیدەنەوە، بە گەڕانەوەی زەویی و هەموو ئەو داهاتەی بردویانە بۆخۆیان، چونکە ئەوەی ئێستە هەیانە لەداهاتی خاکی هەرێمەو مافی خەڵکە داگیریانکردوە.

لە ماوەی 10 ساڵی داهاتودا" دەچینە ساڵی نوێی 2031 و پارتی و یەکێتی لە دەسەڵاتی هەڵهادا دەمێنن " ئەگەر لەماوەی ئەو دە ساڵەدا هاوکاتیانی باشوری کوردستان کودەتا یان ڕاپەڕین ئەنجام نەدەن یان گەڕانکاری بەسەر باکورو ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هاوشێوەی ڕۆژئاوای کورستانی لە نیەت و پەکەکە چاکی نەکات" وەك چۆن لە 2020 داین و دەیانبینین" لە 2030 هەمان بینینەوەدەبێت و هەر پارتی و یەکێتی حوکمداری باشوری کوردستان دەکەن بۆخراپیی.

کاتێك گەڕانکاری بەسەر دەسەڵاتی هێزهای پارتی و یەکێتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدادێت کە پێگەی کورد بەرەو فراوان بون بچێت بە ئازادبونی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستان. ئایە لە دەسەڵی داهاتودا دەبێت؟ ئەگەر وانەدا ئەوا پارتی و یەکێتی فاشاریان لەسەرنابێت و ئاسایی حوکمی خۆیان دەکەن تا 2031.

پەریێ لە خاچ دراوەکان … کاوە عوسمان عومەر

زەر جار پێت وتم..
عاشق مەبە، عیشق..

سەرابێکی جوانە،،
لە فیردەوسی ماتیریالیدا،،
زەردەی مانالیزاش..
لەگەلەری بازاڕی ڕەشا…
دڕیەکە، وەک بەفری نەو…
ڕەهەند لەمی هاوین، هێلینیش..
گەر جەنگی تەرواد ڕوویندایە،،
هیچ کەسێک ڕوخساری ئەفسوونی ئەوی ..
لا گرنگ نەبوو،،
ئێستا زەمانی ئاسقینە بەدکان و،،
ساتەوختە دژوارکانە،،
بەڵەمی ئەندێشەش، ئەفسووس..
لە لەمی ماتیریالیدا سەرنگوم ،،
سەردەمی تەرم و بێئاگایی هێشمەندیە،،
وەبوونە لە دەزینەوەی ڕوخساری یەکتر،،
گەرچی من دەروازەی گەین نەما،،
لە باخچە هەواسراوەکانی دەزخا،،
بەدواتا نەگەڕام، ،
هەموپانتایی بەستانی شەوی سەفەرم،،
بێت کردوەتە چراستان،،،
تەنها تیشکێک..
لە تونێلی تاریکی ڕەحتەوە،،
هەر دیار نەبوو،،
ئەو پەریانەی باڵیان قرتان،،،
جێستەی ئاویان لە خاچ درا،،
ئەو سەرگەردانە ووناەی سەرکەنار،،
تەمتومانی غوربەت ڕەحیانی سوتان،،
جگە لە هەناسەی ووشکی با،،
چیتر هەیە بنوستەوە سەرگوزشتەیان،،
تازە نامە پە پەپولەو کەناریەکانی تەش..
ئەی ڕەگری ئەندێشەی من،،
کوا سارێژی بریەنی ئەو دارە ئەکات..
لە ژێر ژیە گیتاری مەرگا زەرد بوو،،،
سەیرە هەموو ویستگەکان ئەچنەوە،،
سەر دورخەی دەی ماندوو..
لەسەفەری ڕەح،،
سەیرە، ئەپارتمانەکانی شاری دەزخ…

هەمووی لەیەک ئەچن،،
هەموو کچە عاشقەکانیش،
لە ژێر بەیداخی خوێنی قەتیسماوی…
درەنگە شەوکی تەنیایی ،،
بەباکانە، چنگیان لە هەڵکەشانی ….
شەتەی ڕوحی خەیانە،،
بەهام کوا لە وەاتە بە فسفەر و…
سیانید و تەفانە گەی ڕق،،
پەرژینی چاوی هەڵچنراوە،،
ڕوحە کەیلەبۆکان ..
دەی ئەرخەوانیان…
لە دارستانی حەز و ژوانا،،
بەری شیعری تیا ئەگرێ؟
بیرمە ڕۆژانە بوو،،
کە کەشتیگەڵی ئاتوونی بەرائەت ،،
لە کەناری زومردی شارەک،،
درەوشاوە وەک ڕەنگاڕەنگ ،،
لەنگەری گرتبوو، ئەوسا..
ماسی گرەکانی دەریای ئەستێرەکان هاوڕەمان بوون،،
مرواریە درەوشاوەکانی…
نەو دڕۆکانی ڕەمانەک لە ئاوی ببەگەرد،،
شاکاری سەفەری شیعری بوهەیمیمان بوو،،
شەوانیش ، وەک ئەستێرەی سرک و جەستە گەپژەن،،
بە کوچەو کەڵانەکانی شارا ئەکشاین،،
چاومان یەک پارچە نوور بوو،،
دەمان کانی تەقاوەی منداڵیەکی هەتاهەتا،،
گیرفانمان پە مەوژی شیعری یاخی..
ەوخسارمان لە تەم قەشەنگتر بوو،،
لە بیابانی ساڕەکانا، ،
هەموان بوینە تەم، هاوڕە،،
با بە بە دەنگی و بە خومارەی…
وەرزەکان تەپەڕەن،،،
ئینجا پەیوەندی بە دورخەی …
سارد و تەزیوی ڕوحی یەکترا بکەین،،
گەرچی شەوی مەنجەنیقئاسای ووبوون،،
زنجیری لە پەل و باڵی چەند سەدە هەڵنەفڕاو ئاڵاندوە،،
یادەوەریەکانی ئەوانەش،،

لە ئاخی ئوباری بەهودەیی،،
حەزەکانیان ژان،،،
وەک خشکەی زەمان بەسەر چوو،،
خەنرانە سندووقی بەراقی بیرچوون، ماشینەکانی…
سەردەمی تازە ، دەنووکی نەشتەریان..
لە دەمان گیرکردوە،، کام دەروازە بگیرنە بەر…
لەدەست ماشینە مرۆڤکان ژگارمان بۆ؟،
کام دەریاچەی ئاوی نەمری…
کات و شوێنە لە دەستچوەکان گرێبداتەوە؟
کام ئاخی دەریاچەیەکی هەمن و پاک،،
زیخ و خۆڵی نێو خوێنی ژەهراویمان پاککاتەوە؟
پەرستگایەکم پێویستە،،
بە خواوەند،،،
تەنها کچی مانگ و کۆی خەر و شیعری ئاوی تیابێ،،
ئەی سەمازانی نێو سەرابی کەچی من،،
ئوخساری پێ ئەنددەشەی تێیە،،
کەشتی سەرکەشم دەربازی زەریای…
مەست بە شیعری یاخی ئەکات …
بزانە، تەیەک لەفەنابوونی جەنگێ ئەفسوناویەکان،،
هاوسەفەری وەاتە تابوتستان و دەزەخی بەستەڵەک و فیردەوسی سوتاومی..
فریادڕەس لەم شەوە ئەنگوستە چاوە وەیە،،
تەنها پەنووسی شیعری یاخیە..
پەنوسی شیعر ناخەوە، چرایە…
بە ژووری تاریکی دایکە ڕەح پچڕاوەکان،،
دەستەکی هانایە بە پەریە لە خاچ دراوەکان.

وەنەکە کارەکی هونەری فۆتۆگرافەری ئەمانی
(Dorothe – DarkWorkX)
بە سوپاسەوە لە پەیجی فەرمی خۆی وەرگیراوە.

هەندێک تێبینی … نەوزاد بەندی

دنیا وەک شانۆگەرییەک وایە ،زۆربەی خەڵکەکە سەرقاڵی داگیرکردنی کورسیەکانی شانۆکەن و ئاگایان لە شانۆگەرییەکە نیە ،دوایی هەموویشیان بە بە کورسی و بە دەستی بەتاڵ دەرئەکرێنە دەرەوە ..

⋆ ⋆ ⋆

تۆ سەیر کە ، هەتا بە کەشک و باڵاخانەکان بەرزتر ئەبنەوە و شەقام و باخچە و شانۆ و شارستانیەت وێران ئەبێ .. لە کەلاوێیەک ئەچێ پێ بە لە ملیاردێری کوێر .

⋆ ⋆ ⋆

میللەتی مل ئەستوور ئەو میللەتەیە کە تاکەکانی لەکتەرزاون و چینێ لەسەر گیرفان و ئارامی و کەرامەتی یەکتری ئەکەن..

⋆ ⋆ ⋆

بە بەوای من لە شوێنێک هەست بکەیت ڕۆژ بە ڕۆژ دوا ئەکەویت ، بەجێی نەهێڵیت، مردوویت و بەخت نەزانیوە

⋆ ⋆ ⋆

لە شارەکا هەر کەسێک بە خەی بژی و خەریکی بەرژەوەندیی تایبەتی خەی بێ ، لە کۆتاییدا تەک ئەگیرێن و ئەبنە دوژمن و بابکوشتەی یەکتری ..چونکە بەرژەوەندیی گشتی لەبار دەچێت .

⋆ ⋆ ⋆

لەو کاتەوەی دنیا دروست بووە ، هەزارەها دزی گەورە بە هەزاران فێڵ و ناونیشانی درەوە ، ویستوویانە و ئەیانەوە دنیا بخەنە گیرفانیانەوە ، بەڵام دنیا هەموویانی خستۆتە و ئێخاتە گیرفانی خۆیەوە ..

⋆ ⋆ ⋆

زۆر دێت بە دەستکەوتەکانت خۆش نەبێ ، چونکە کاتێ ..دوور و نزیک لە دەستت دەرئەچن

⋆ ⋆ ⋆

هەوە بەدبەختی خۆت ، خۆشبەختی ئەوانی تر تەک نەدات .. پەژارەکانت پەژارەی ئەوانی تر پەک نەخات .. هیوا و خەونەکانت ، هیوا و خەونی ئەوانی تر وێران نەکات

⋆ ⋆ ⋆

ژیان خەوێکی دوور و درێژە یان خەو ژیانێکی دوور و درێژە ؟ نازانم ..

⋆ ⋆ ⋆

ووشەتێک نەزان بەکاربەری بیات ، زاناکانی ئەکوژرێن یان پەرتەوازە

ئەبن ..خەشبەختترینیان ،شت ئەبێ .

30ی ئـــــاب رۆژی جیهـــــانی بەسەرووشونکراوان

ئەمرۆ 30ی ئاب رۆژی بەسەروشونکراوانە لە جیهان, کوردستانیش هەرەمەکە لە وەتەك چ خەی و چ عەراق یەکەکە لەو 80 وەتەی جیهان کە هاووەتیانی تەدایە بەسەروشونکراون بەهەکاری سیاسی, لە جیهاندا ژمارەیان بە 52250 کەس دیاریکراوە, ئەوانەن تەمارکراون لە ناوەندە جیهانیەکان بە تایبەت نەتەوە یەکگرتووەکان و خاچی سوری جیهانی و هاوپەیمانی جیهانی دژ بە بەسەرو شونکردن و ... لە کاتەکدا تەنها ژمارەی بەسەرو شونکراوانی ئەنفال و بارزانی و فەیلی و ئەزیدی و ...چەندین بەرابەری ئەو ژمارەیەیە, بە شەوەی گشتی ژمارەی بەسەروشونکراوان خەی دەدات لە 50 ملیەن هاووەاتی لە جیهاندا, لە ناویشیاندا لە 30 وەات زیندانی نهەنی بوونی هەیە, لەناویاندا عەراق بونی هەیە.• بَسەروشونکردن تاوانەکی زەقی مافی مرۆڤ و یاسای نەو دەوەتی و جاەنامەی گەردونی مافی مرۆڤە, بە پەی پەیماناەی رەما دەچەتە چوارچەوەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیەوە, کات و شوەن تاوانەکە بە زیندویی دەهەەتەوە , بنەماەەی قوربانی مافی قەربوو و زانینی راستیەکانیان هەیە.هیچ دەسەات و گروپەك مافی بەسەروشونکردنی هاووەاتیانیان نییە, کە تاوانکار بە پەی یاسای نەودەوەتی نابەت لە سزا رزگاری بەت.بەسەرو شونکردن پەشەلی مافی یاسایی تاك,مافی ئازادی و ئاسایش, مافی ئەشکەنجە نەدان , مافی ژیان, مافی ناسنامە, مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە, مافی قەربوکردنەوە, مافی وتنی راستیەکان, مافی ئابووری, کەمەایەتی, رەشنبیری, مافی ئاستی ژیان, مافی تەندروستی و فەربوون , مافی کەرامەت و داوالەبوردنکردنی قوربانی ..ەم بەنیەدا وەای ئیدانەکردنی بوونی سەدان دیاردەی بەسەروشونکردن بەهەی عەقیدەی سیاسیەوە لە باشوری کوردستان و دەیان هەزار لە پارچەکانی دیکەی کوردستان لە لایەن رژەمە دکتاتەریەکانی ناوچەکەوە, داواکارین :

1 – حکومەتی هەرێمی کوردستان لیستی ناوی بەسەروشوێنکراوان, هەکاری بەسەروشوێنکردن و هەکاری مردن, شوێنی مردنیان بۆ بکاتەوە, ئەوانەشی ماون ئازادیان بکات.

2- شوێنی کەکردنەوەی بەسەروشوێنکراوان بپارێزرێت و بە یاداوەری بەسەرو شوێنکراوان و دروست کردنی مۆنمێنتی یاداوەریان.

3- بە یاسا بەسەروشوێنکردن لە کوردستان قەدەغە بکرێت.

4- داوای لێبوردن لە بنەماڵەکانیان بکرێت و پەیمانی دوبارە نەکردنەوەی بدرێت.

5- روفاتی قوربانییەکان بگەڕێنرێتەوە بە کەسوکاریان.

6 – قەرەبووی ئابووری کەسوکاریان بکرێتەوە بە ماوەی رابردوو, زیانەکی شەرافەتمەندانەیان بۆ دابین بکرێت لە روی دارایی و خوێندن و چارەسەری تەندروستی.

7- مافی کەسوکاری بەسەروشوێنکراوانە هەموو راستییەکان لەسەر بەسەروشوێنکردنی ڕاڵەکانیان بزانن, تەواوی زانیارییەکانیان لە بەرواری بەسەروشوێنکردنەوە بە ئاشکرا بکرێت.

8- بە یاسا پارێز بەندی بە کەسوکاری قوربانیان, پارێزەرەکانیان, ڕەکخراوەکانیان دیاریبکرێت بە وتنی راستییەکان و داکیکردن لە مافەکانیان.

9- پەیوستە زیندانەکانی کوردستان سجلی هاتووان و دەرچوانی هەبێت, هیچ کەسەك لە دەرەوەی زیندانە فەرمییەکان زیندانی نەکرێن و زیندانی نهێنی وەك تاوان سەیر بکرێت.

ڕەکخراوی کوردستان بێ جینۆساید

-Kurdistan without Genocide30-8

2020

نەمامکی نوێ ... عەلی حەمەشید بەرزنجی

وا شەش ساڵی تـــــەواوە
لـــــەم قوتابخانەیە دام
دڵگیر و خـــــۆشەویستە
ئـــــای چەند شیرینە لەلام
...
هەر کە چوومە پەلی یەک
لـــــە باخچەی قوتابخانە
نەمـــــامەکـــم ڕواند و
وەک هـــاوەڵم بوو ڕۆژانە
...
ئێستا ئەویش شەش ساڵە
باخچەکەی جـوان کـردووە
ناوی منی لـــــەسەرە و
وەنەم لـــەلا گـــــرتووە
...
ئـــەمسـاڵ ئەرێ جەدەم
بـــە پەلی حـەوتەم دەڵەم
لـــــەوێش نەمـامکی نوێ
دەڕوێنم بـــــەدەستی خـەم
...
٢١/١/٢٠٢٠